# ناساندنی سیستمی نێودەڵەتی

**پێناسەی سیستمی نێودەوڵەتی**

**کارەکتەرەکانی نێو سیستمی نێودەوڵەتی**

**خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی سیستمی نێودەوڵەتی**

**فۆڕمەکانی سیستمی نێودەوڵەتی**

## پێناسەی سیستمی نێودەوڵەتی:

**سیستم کۆمەڵێك یاساو رێساو پێوەر و دابونەریتە کە تەحەکوم دەکات بەسەر لایەنە سەرەکییەکانی ژینگەی نێودەولەتی. واتە سیستم شێوازێکی سەقامگیر (مستقر) و رێکخراوە لە نێوان ولأتان، تێکەڵەیەك لە کۆمەڵێك پرس، وەکو پرسەکانی دامودەزگاکانی دارشتنی ڕیساو یاساکان و رێکخراوە سیاسیە نێودەوڵەتیەکان.**

**خەسڵەتی سەرەکی هەر سیستمێك بریتیە لە سەقامگیری و رێکخستنەکەی؛ بۆ نمونە سیستم لە ئاستێك لە ئاژاوەگێڕی و پەیوەندیە هەرەمەکییەکان جیا دەکرێتەوە،**

**ئیکینبێری وا پێناسەی سیستم دەکات کە بریتیە لە کۆمەڵێك " ئامادەکاری پێڕەوکراو لە نێوان ولأتان، کە ڕێسا و پرەنسیپە سەرەکیەکان و دامەزراوەکان دەگرێتەخۆ. ".**

**موریس ایست: "سیستمی نێو دەولەتی بریتیە لە کۆمەلیك شێوازی کارلێکردنو پیوەندیکردن لە نیوان کاراکتەر سیاسیەکاندا کە زیاتر خەسلەتیکی دەولەتیان هەیە".**

**مۆرتۆن کاپلان: "بریتیە لە کۆمەلێك گۆڕانکاری بەیەکەوە گرێدراو کە جیاوازی و تایبەتمەندیان هەیە لەگەل دەوروبەرەکەیاندا، پشت دەبەستێت بە کومەلێك بنەماو رێسا لە سەر ئاستی دەرەکیدا کە جیاوازە لە گەڵ گورانکاریە تاکە کەسیەکان".**

## کاراکتەرەکانی سیستمی نێودەوڵەتی

### 1) دەوڵەت (state)

- دەوڵەتی زلهێز Super powers
- دەوڵەتی گەورە Great powers (Brazil, China, India, Germany) -
- هێزی هەرێمی Regional powers
- هێزی مامناوەند Middle powers -
- هێزی بچووك Small powers -

### 2) ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان (international organisations -)

- حکومیەکان نەتەوە یەکگرتووەکان بە گشـــت لقەکانیەوە (governmental organizations)
- ناحکومیەکان ( NGO )

### 3) کۆمپانیا فرە رەگەزەکان Multinational corporations-

### 4) کەسەکان (Individuals)

### 5) قەوارە سیاسییەکان (Non-state actors & political entities)

## خەسڵەتەکانی سیستمی نێو دەوڵەتی

- کێشەزای کۆنترۆڵکردن و ڕێکخستن
- نەبوونی دەسەلآتێکی ڕەهاو بالآ
- پشت بەستن بە یەکتر
- گشتگیری و شمولیەت
- کارتێکردن و کارلێکردن
- داینامیکیەت
- کامڵ نەبوون

## فۆڕمەکانی سیستمی نێودەوڵەتی

- سیستمی تاك جەمسەری Unipolar
- سیستمی دوو جەمسەری [polarization – competition] Bipolar
- سیستمی فرە جەمسەری [ Multipolarity

### ▪ سیستمی تاك جەمسەری Unipolar

**بونیادی تاك جەمسەری بە هۆی سیفەتە سەرەکیەکەی خۆیەوە تا ڕاددەیەکی زۆر جەخت دەکاتەوە لەســـەر بوونی تاکە دەوڵەتێك یان کۆمەڵێك دەوڵەتی یەکگرتوو کە تەواوی بونیادی نێودەوڵەتی بەرێوە دەبەن.**

**نمونەی ئەم بونیادەش، سیستمی ئەوروپی بسمارکی بوو لە نێوان ساڵانی 1872- 1890 کە ئەڵمانیا بەڕێوەی دەبرد. یان بونیادی نێودەوڵەتی لە نێوان ســـاڵانی 1919 – 1932، کە دەوڵەتە براوەکانی جەنگی یەکەمی جیهان بەڕێوەیان دەبرد، ئەم جۆرەش دەناسرێتەوە بە ســـەقامگیریەکی رێژەیی و نزمبوونەوەی راددەی ناکۆکی نێودەوڵەتی ، چـونکە دەوڵەتە گەورەکان لە لوتکەی بونیادی نێودەوڵەتین و چەمك و تێڕوانینی خۆیان بۆ ئاشتی بەسەر ئەوانیتر سەپاندووە.**

### ▪ سیستمی دوو جەمسەری [polarization – competition] Bipolar

**بونیادی دوو جەمسەری جەخت دەکاتەوە سەر دابەشکردنی تواناکان لە نێوان دوو دەوڵەت یان دوو کۆمەڵەی سەرەکی. ئەم بونیادە بە بوونی ناکۆکی سەرەکی نێوان دوو جەمسەری نێودەوڵەتی دەناسـرێتەوە... ئەم جۆرە بونیادەش دوای جەنگی دووەمی جیهان هاتە ئاراوە لە نێوان جەمسەری رۆژئاوا و رۆژهەلأت.**

- **سیستمی فرە جەمسەری** [ Multipolarity

**ئەم بونیادە بە بوونی کۆمەڵێك دەوڵەت یان کۆمەڵێك جەمسەر دەناسرێتەوە کە توان ئابووریەکانیان تا رادەیەك لەیەکتر نزیکە بە هەمان شێوەی هاوسەنگی هێزی کلاسیکی، هەروەها چەند ناکۆکیەکی نێودەوڵەتی لە ئارادایە. نمونەی ئەم جۆرەش سیستمی نێودەوڵەتی نێوان ساڵانی** 1815 – 1871.